# عەبدون مەلاک

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

(فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ).



له دوادوای ڕێگەدا
دەروازە بەسەر ڕێگەی تردا دەکرایەوە
پڕ لە ئەسپ و شەقامی بەردرێژ و هەژاری
ڕێگا هەر دەڕۆیشت و تەواو نەدەبوو
ڕێگای زۆر؛ پێچاوپێچ و بێئەژمار
ڕێگا کە دەچووەوە سەر بیابان
ڕێگا کە دەبووە جۆگەلە و دەڕژایەوە ڕووبار
پاشان دەهاتەوە هەمان جێگە و
ئینجا لە شار
دەبووە پیادەڕۆ بۆ پیاسەی دڵشکان

لە دۆڵی شاژنان
مجێوری گۆڕ و پەرستگاکەی شاژنە نەفەرتاری
سەر و ڕیش تەراشکراو و قیت و بۆشناخ
قسەی زۆری پێ بوون
کە نەیدەزانی لە کامیانەوە دەست پێ بکا
دەتگوت درێژکراوەی ئەو هەمووەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەبووە
بە جێناوی کۆی «ئێمە» و «خۆمان» دەدوا
لێم پرسی: پاشا... دەکرێ بزانم ناوتان چییە؟
تا شتی زیادە نەڵێ و
ئیرەیی شاژن و کچەکانی تر نەورووژێنێ،
قەیرێک ڕاما و ئەوجا گوتی: عەبدون...
عەبدون مەلاک!
«عەبدون»ـەکەی بە ئەسپایی و
«مەلاک»ـەکەکەشی بە شکۆ و متمانەیەکەوە گوت،
کە شاژنە نەفەرتاری گوێی لێ بێ

لە شاری کۆشکەکان
درەنگانێکی شەو
ئەسپ لە عارەبانە دەکرایەوە و
باڵیان لێ دەبەسترا
میوان وردە وردە وەنەوز دەیبردنەوە و
دەخەوتن
بەحاڵ دەنگی نرکە و وردە هاوار و
جاروبار تەقەوڕەقەی پاچ و
خاکەناز و
لە دووریشەوە
وەک ئەوەی تا سپێدە
چیدی کەس لەسەر ئەرز نەمابێ،
کز کز وڕەوڕی فڕین دەگەییە گوێ

کاتێک سووسەی کرد
ڕەنگم پێوە نەماوە
سەری لەقاند و بە بزەیەکەوە گوتی:
هیچ نییە ڕۆڵە، ئەوە ڕۆحی کاڵی گەنجییە،
کە پێی حەیفە
بە جۆرێک لە جۆرەکان
ڕیسی جوانیی هەر وا بە هەوانتە
ببێتەوە بە خوری
من خۆشم جاران هەر وا بووم
بەڵام ئەوساش جوانی
جاروبار بەو هەموو دڵەڕاوکێیەوە
لەسەر لێوم
هەر سووکە چێژێکی هەبووە بە مردن

وادەمان هەبوو
کات بە کاوەخۆ، یان خێرا تێدەپەڕی
ئاو تنۆک تنۆک
بێمنەت، سەرفراز لە قەڵەشی تاوێرەبەردەکانەوە
دەچۆڕا
دەستم دایە شمشاڵێک
وەک بمەوێ تای بگرم،
هەڵم گرت

کات تێدەپەڕی و هێشتا نەهاتبوو
من چووم و ئەو هات
من هاتم و ئەو ڕۆی
هەموو شت شیرین و هەموو شت تاڵ
هەموو شت ڕەنگاوڕەنگ و هەموو شت بێڕەنگ
هەموو شت ڕوون و هەموو شت لێڵ
هەموو شت گەش و
هەموو شت مات

چما گوێم لە تەپەی دڵێک بێت
ئاوڕم بە هەر چوار لادا دایەوە و
بانگم کرد
ڕژد و بێباک
ئازا و تۆقیو
وەک بڵێی دەنگم لە چاڵێکی قووڵەوە بێتە دەر
کپ و
وشک و
تەزیو!